سەرۆك وەزیران واژۆکردنی گرێبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەی فاو لەگەڵ کۆمپانیایەکی چینی رادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ڕێککەوتنی لەگەڵ بەندەرەکانی ئەبوزەبی سەبارەت بە هاوبەشی بۆ بەڕێوەبردنی بەندەری فاو ڕاگەیاند، و وتیشی: گرێبەستی دامەزراندنی پاڵاوگەی فاو لەگەڵ کۆمپانیایەکی چینی واژۆکردووە.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆك وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، لەگەڵ کۆمپانیا گەورەکانی ئەمریکای تایبەت لە بواری نەوت و گاز کۆبووەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی مێزی دەوریدا بوو کە ژووری بازرگانی دوولایەنەی عەرەبی-ئەمریکی لە شاری هیوستن لە ویلایەتی تەکساس ئامادەیبوون کە لە چوارچێوەی سەردانەکەی بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەڕێوەچوو.

بەپێی بەیاننامەکە، سودانی پێداچوونەوەی بە بەرنامەی حکومەت و ئامانجەکانی کرد بەرەو وەبەرهێنانی گونجاوی نەوت و گاز و دیدگای داهاتووی و پێداچوونەوە بە دیارترین پڕۆژە ستراتیژییەکانی جێبەجێکردن لە عێراق، هەروەها دەرفەتی وەبەرهێنان بۆ پڕۆژەی تایبەت و پێشخستنی تەواوکەری پێنجەم و خولی شەشەم کە 30 کێڵگەی نەوت و گاز و بلۆکی گەڕانی غاز لە ئەنبار و نەینەوا و دیوانیە و نەجەف و سەماوە لەخۆدەگرێت.

ئاشیگەیاند: داواکاری بە تەواوکەرەکانی خولی پێنجەم و شەشەم دوو هەفتە درێژ دەکرێتەوە، بە پێدانی دەرفەت بەو کۆمپانیایانە کە ئارەزووی پێشکەشکردنی داواکاری دەکەن، و جەختیشیکردەوە: کە عێراق شاهیدی دۆخێکی ئەمنی سەقامگیرە لە هەموو ڕوویەکەوە و داواشی لە کۆمپانیا ئەمریکییەکان کرد کە هاوبەشی لەگەڵ کەرتی تایبەتی عێراقدا بکەن، کە سەرنج و پشتیوانی حکومەت وەردەگرێت، هەروەها ئاماژەی بە پەرەسەندنی هەمەلایەنە کرد کە عێراق لە هەموو سێکتەرەکاندا بەخۆیەوە بینیوە.

هەر لەو کۆبوونەوەیەکدا سەرۆك وەزیران ڕایگەیاند: ئەمە دیدگایەکمان هێنایە ئاراوە کە پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا چۆن دەبێت، دوای لێکتێگەیشتن و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆك بایدن، کە لەسەر بنەمای هاوبەشی و کراوەیی لە هەموو بوارەکاندا بێت، و وتیشی: دیدگاکەمان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هاوبەشە، و لەڕێگەی کاری هاوبەشەوە بەشێوەیەکی بەهێز ئامادە دەبێت، بەتایبەتی بوونی کۆمپانیاکان و وەبەرهێنان لە دەرفەتەکان لەعێراقدا.

ئاشکراشیکرد: عێراق لەبازاڕی وزەدا گرنگییەکی زۆری هەیە لەڕووی بەرهەمهێنان و یەدەگەوە، هەلومەرجی سەخت و تەحەددیاتی پێشووش نەیانهێشت بگاتە قۆناغی وەبەرهێنانی گونجاوی سامان، و وتیشی: ئێمە لەم دوایانەدا نزیك بووینەتەوە لە خۆژێنی لە بەرهەمە وەرگیراوەکانی نەوت کە لە ساڵانی پێشوو هاوردەمان کردووە.

دووپاتیشیکردەوە: حکومەتەکەمان بە بیرۆکەیەکی نوێی ئیستغلالکردنی سامان دەستی پێکرد، بە زیادکردنی توانای بەرهەمهێنان، وەبەرهێنان لە غازی هاوەڵ، و چوونە ناو پیشەسازییەکانی بەرهەمهێنان لە پترۆکیمیایی، و وتیشی: پلانێکمان داڕشتووە بە گۆڕینی 40%ی هەناردەکردنمان بە وەرگیراوەکانی نەوت.

سەرۆك وەزیران جەختیشیکردەوە: هاوردەکردنی غاز ساڵانە 4 ملیار دۆلاری تێدەچێت، لەکاتێکدا هاوتای 1300 ملیۆن پێ سێجا ستاندارد دەسوتێنین، ئەوە جگە کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ژینگە، و وتیشی: پلانمان ئەوەیە کە لە ڕێگەی گرێبەستە گرنگەکەی کۆمپانیای تۆتالەوە سووتانی غاز ڕابگرین، کە هەنگاوێکی ستراتیژییە، و هانی کۆمپانیای (هانویە) و هەموو کۆمپانیاکان دەدەین؛ بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو گرێبەستانە.

ڕونیشیکردەوە: ئەمە سەرقاڵی جێبەجێکردنی وێستگەیەکی وزەی خۆریش بە توانای 1000 مێگاوات، جگە لە پڕۆژەی حوقنی ئاو بە بیرەکان، و وتیشی: خولی پێنجەم ئەو پێزانە لەخۆدەگرێت کە لەلایەن کۆمپانیای ئیماراتی (هیلال) و کۆمپانیایەکی چینی جێبەجێ دەکرێن، جگە لە هەوڵی نیشتیمانی، و پلانمان هەیە لەم ماوەیە دیاریکراوەدا بگەینە دوو هەزار و 400 ملیۆن پێ سێجا ستاندارد.

سودانی تەئکیدیشیکردەوە: ئەمە پڕۆژەی تایبەت دەخەینەڕوو، لەوانەش پڕۆژەی هاوپێچ بە خولی پێنجەم و شەشەم، و ماوەی 15 ڕۆژ درێژ دەکەینەوە، بە ڕەخساندنی دەرفەت بە پێشکەشکردنی داواکاری بە گەشتەکان، و وتیشی: خولی شەشەم کێڵگە دەوڵەمەندەکان بە غازی سروشتی ئازاد لەخۆدەگرێت.

دووپاتیشیکردەوە: دەستمان کرد بە پێشکەشکردنی (پڕۆژەی یەکگرتوو)، لەوانە دەرهێنانی نەوت،

وەبەرهێنانی غازی هاوەڵ، و دامەزراندنی وێستگەیەکی کارەبا و پاڵاوگە و پیشەسازییەکانی پترۆکیمیایی، و وتیشی: دەرفەتی پڕۆژەی یەکگرتوو لەو کێڵگەکاندا دەخرێتەڕوو؛ دیما لە میسان، ئیبن عومەر لە بەسرە، کێڵگەکانی عەمارە و کمیت لە میسان، و پارچەی گەڕان لە زیقار، و وتیشی: دەرفەتمان هەیە بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگای پترۆکیمیایی و پەین لە کەربەلا، کۆمەڵگای پترۆکیمیایی فاو، و پڕۆژەی نەبراس، دوای ئەوەی کۆمپانیای شێڵ داوای لێبوردنی کرد بەهۆی ڕەوتێکی نوێی کۆمپانیاکە لە گرنگیدان بە پڕۆژەکانی غاز.

راشیگەیاند: پلانمان هەیە کە پەیوەندی بە چەندین شوێنی هەناردەکردنەوە هەیە، و پێویستیمان بە نەرمی لە هەناردەکردندا پێویستی بە پشت بەستن بە بازاڕی زیاتر هەیە.

ئاشکراشیکرد: ڕێگای گەشەپێدان کە بەستراوەتەوە بە بەندەری فاو پڕۆژەیەکی گرنگ دەبێت، و ئەمە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی تورکی دەکەین سەبارەت بەو بەندەری فاو لە کۆتایی ساڵی 2025 دەچێتە خزمەتەوە، و یەکێکە لە گەورەترین بەندەرەکانی ناوچەکە، و وتیشی: لەگەڵ بەندەری ئەبوزەبی ڕێککەوتین لەسەر هاوبەشیەك بۆ بەڕێوەبردنی بەندەری فاو، لەئێستاشدا خەریکی تەواوکردنی وردەکاری گرێبەستەکانن.

رونیشیکردەوە: شارێکی گەورەی ئابووری و شارێکی نوێی نیشتەجێبوون هەیە کە بەستراوەتەوە بە بەندەری فاو کە پڕۆژەی سەرجەم پیشەسازییە پەیوەندیدارەکان لەخۆدەگرێت، و وتیشی: گرێبەستێك لەگەڵ کۆمپانیایەکی چینی واژۆ دەکەین بۆ دامەزراندنی پاڵاوگەی فاو بە توانای 300 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا.